کەمیسیۆن میکانیزمەکانی پاراستنی دەنگی دەنگدەران ئاشکرا دەکات



حەسەن هادی زایەر، ئەندامی تیمی ڕاگەیاندنی کەمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان، جەختی کردەوە کە کەمیسیۆن لە نزیکەوە بەدواداچوون بۆ دەسیسەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەکات بۆ هەماهەنگی لەگەڵ ئەمانەتی بەغدا و فەرمانگە شارەوانییەکان لە پارێزگاکان، لە هەمان کاتدا ئاماژەی بۆدا کە گواستنەوەی داتاکانی هەڵبژاردن بۆ سێ قۆناغ پارێزراوە بۆ دنیابوون لە سەلامەتی دەنگدەران.

زایەر لەلەدوانەکدا بۆ ئاژانسی هەواڵی فەرمی کەموتەع بەدواداچوونی بۆ کردووە ڕایگەیاند: "لێژنەیەکی باڵای بەدواداچوون و چاودێری هەیە کە بەپێی سیستەمی ژمارە (4)ی ساڵی 2025ی تایبەت بە بانگەشەی هەڵبژاردن کار دەکات"، ووتی کردەوە کە "ئەمانەتی بەغدا چاودێری ڕەکلامەکانی سەر دوورگە ناوەڕاستییەکانی شڤقامەکان دەکات، لە کاتەکدا کەمیسیۆن بەدواداچوون بۆ بانگەشەکان لە فەرمانگە حکومییەکان، مزگەوتەکان، حوسێنییەکان و بنکەکانی دەنگدان دەکات".

ناوبراو وتیشی: "هەڵکارەکانی گرتنەبەریان بەرامبەر بە سەرپێچیکاران بریتین لە سپاندنی سزای دارایی و لابردنی ئەو بانگەشانەی کە سنووریان بەزاندووە، و ژمارەیەکی زۆر لە سزای دارایی بە کردەوە جێبەجێ کراوە"، داوای لە کاندیدەکان کرد کە "پەداچوونەوە بۆ سیستەم و ڕێنماییانە بکەن کە

سێ مانگ لەمەوبەر دەرچوون، بەتایبەتی کە ئەم شەشمین ئەزموونی هەڵبژاردنە لە وڵاتدا".

زایەر ئاماژەی بۆدا کە "هەڵبژاردنی ئێستا بە پشت بەستنی تەنها بە کارتی بایەمتری جیا دەکرێتەوە بۆپێی یاسای ژمارە (4ی) هەموارکراو، کە پێسێی دەنگدانی سڵامەتتر کردووە"، هۆونیشی کردۆوە کە "ئامێرە ئێلیکترۆنییەکان بە شۆوێکی گۆرە بەشدار بوون لە پاراستنی پێسێی هەڵبژاردن، بە جۆرێک کە هێژەی ساختەکاری لە یەک وەستگەدا گەیشتووەتە سفر".

هۆونی کردۆوە کە "کۆمیسیۆن نزیکەی 23 ملیۆن کاغەزی دەنگدانی چاپ کردووە، کە 19 جۆری لەخۆ گرتووە، لەوانە کاغەزێکی تایبەت بە دەنگدانی تایبەت و ئاوارەکان"، جەختی لەسەر ئەوە کردۆوە کە "کاغەزی هەڵبژاردنەکە بە ئێلگۆریتم و وردەکاریی ورد پارێزراوە کە هێگە لە کۆپیکردن یان ساختەکردنی دەگرێت، و لە پاراستندا لە دراوی کاغەزی دەچێت".

ئاماژەی بۆدا کە "کۆمیسیۆن گرنگییەکی زۆر بە ئەمنییەتی سایبەری دەدات، کە سێ قۆناغی سەرەکی بە پاراستنی دەنگی هەڵبژاردن لەخۆ دەگرێت ، گواستنەوەی داتاکان لەڕێگەی میدیای گواستنەوەی ناستوخۆ (الوسط الناقل) هەڕوەها گواستنەوەی داتاکان لەڕێگەی فلاش مەمۆری لە ماوەی شەش کاتژمێر دوای کۆتاییهاتنی دەنگدان و لەکۆتایشدا ژمارەدن و جیاکردنەوەی دەستی کە لە کاتژمێر شەشی ئێوارە دەست پێدەکات و تاوەکو نیوەی شەو بەردەوام دەبێت.

جەختی لەسەر ئەوە کردۆوە کە "ئەم هەنگاوانە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان شەفافتر و وردتر دەکەنەوە".